## هۆزان مەحمود- نوێنەری ڕێکخراوی ئـــازادی ژن لە دەرەوەی وڵات بۆ گوڵان:

# حکومەت کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتن یان ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە دواکەوتویدا



■ هۆزان لە باشـــوری کوردوستان لە دایک بوە و تەمەنی ٣٤ سالە وئێســـتا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژی و خوێندکارە لە بەشـــی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژنە لە دەرەوەی وڵات.

-کەسایەتیەکی ناسراوە لە جیهاندا لە سەر مەسەلەی ژنان،کرێکاری، و داکۆکیکار لە سێکیولاریزم (عەلمانیەت) وە کەسایەتیەکی ناسراوە لە دەرەوەی وڵات.

- لە چەندین کۆر و کۆنفرانســـی جیهانی لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیا بانگهێشـــت کراوە بۆ (ئەمریکا، بەلجیک، فەرەنســـا، سویسرا، هۆڵەندا، ئیتالیا، پورتوگال، کەنەدا، یابـــان، مالیزیا، ئەڵمانیا، یۆنان، ئیرلەندا، سکۆتلەند و چەندین شاری بەریتانیا).

-تا ێســـتا چەندین وتار و بـــاس و چاوپێکەوتنی بـــڵاو کراوەتەوە لـــە زۆرێک لە رۆژنامەکانـــی جیهانی و بەریتانی وەکـــو "گاردیان و،ینلدیپێنپدێنت " هەروەها هۆزان بلۆگی خۆی هەیە لە سایتی جەریدەی گاردیانی بەریتانی.

-هۆزان وتار چاوپەکەوتنەکانی بە چەندین زمانی جیهانی تەرجومە کراون . وە بە شـــێوەیەکی بەردەوام لە میدیاکانی بەریتانی و جیهانی دا چاوپێکەوتنی لە گەڵدا ئەنجام دەدرێت لە ســـەر وەزعی سیاســـی و کۆمەڵایەتی عێراق و کوردوســـتان بە گشتی وە مەســـەلەی ژنان بە تایبەتی.

- سەرپەرشـــتی چەندین کەمپینی جیهانی کردوە لـــە دژی توندو تیژی لە دژی ژنان لە کوردوستان و عێراق وە دەیان کۆڕو کۆنفرێسی ڕێکخســـتوە لە لەندەن بۆ ناساندنی دۆزی ژنانی کوردستان و عێراق وە هێنانی هاوپشتی نێونە تەوەیی بۆ مەسەلەی ژنان.

- لە مـــاوەی چەند مانگی ڕابـــردودا هۆزان ڕێکخەری هـــەردوو کەمپینی جیهانی بۆ بە عەلمانی کردنی دەستوری هەرێمی کوردوستان و کەمپینی دژی ڕەشەکوژی و بەردەباران کردنی ژنان لە کوردوستان کردوە کە لە سەرتاســـەری دنیادا کارەکانی ئـــەم کەمپینانە دەنگی داوەتەوە .

بـــۆ گفتوگۆکـــردن لەبـــارەی کۆمەڵگەکانی دوای شـــەڕو خۆ گواســـتنەوەی بۆ قۆناغی بنیاتنانەوە و ئەرکی تاک و حکومەت لەم پرۆسەیەدا بەرێز هۆزان مەحمود مان دواند و بەرێزیان بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.■

دیمانە: نامق هەورامی




***سروشتی کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ چۆنەو کاریگەری بۆ ماوەکانی جەنگ زیاتر لە کام چین و توێژ دەردەکەوێت؟**

من سەرەتا پێم خۆشە زۆر سوپاس لە ئێوەی بەڕێز بکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە بۆم کە بیروڕای خۆم بخەمە ڕو بۆ خوێنەرانی ئازیزی گۆڤارەکەتان. وە ئیجازەم بدە کە بڵێم ئەم پرسیارە زۆر ئەبستراکتە، چونکە هەر جەنگێک کە ڕوو ئەدات لە شوێنێک هۆکانی، وە شێوەی جەنگەکە و ئەنجامەکانیشی جیاوازی هەیە لەشوێنێکی تر بۆیەش سەختە لە یەک سیمای تایبەتی جەنگ بدوێم . بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە دوای زۆربەی جەنگەکان خەڵک ئەو پرسەی لا دروست دەبێت کە بۆچی جەنگ ڕوودەات؟ و کێ بەپرسە؟ لە دوای جەنگیش یان ئەوەی کە راپەرین، جەنگی ناوخۆ، شۆڕش دەکریت یان کۆمەلێک رەفۆرم ئەنجام ئەدرێت وە ئەوەش پەیوەستە بەوەی چ جۆرە حکومەتێک دێتە سەرکار. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو کۆمەڵگاکانی دوای جەنگ دوچاری وێرانکاری، فەقروفەلاکەت، ڕوخانی بنەما کۆمەڵایەتی و، ئابوری و، خزمەتگوزاریەکان دەبن. جەنگ کۆمەلێک ئەسەرو برینداری جەستەیی و ڕۆحی بەسەر هەمو تاکەکانی کۆمەڵەوە بەجی دەهێڵێ و چەندین ساڵی دەوێت تا کۆمەڵگا بچێتەوە سەر ڕۆتینی خۆی وجارێکی تر پێناسەی بەهاکان و نۆرمەکانی خۆی بکاتەوە.

بە بۆچونی من لە زۆربەی جەنگەکاندا شیرازەی کۆمەڵگا تێک دەچێت و هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا زەرەرمەند ئەبێت هەڵبەت کاریگەریەکانی لە سەر چینی کرێکارو زەحمەتکێش زیاترە لە بارەی بژێوی یەوە بە هۆی بێکاریی زۆرە ملێ وە کەدەرهاویشتەی هەموو جەنگێکە. بەڵام لە هەموکەس زیاتر ژن و منداڵ دوچاری گرفتی زۆر گەورە دەبن و ئەکەونە بەر هێرشی بێڕەحمانەی زۆرێک لە پارت و، گروپ، و باندی چەکدارەوە. ئەوەی هەر ئێستا ئێمە لە عێراقدا شاهیدی هەین،ئەبینین کە ژنان زۆر زەرەرمەندن لە کوشتار، سەربڕین، فرۆشتن، دەستدرێژی کردنە سەر، وە بی کەرامەتی پێ کردن سەپێنراوە بە سەریاندا.

جەنگ توندوتیژیە، کوشتارە، سەرکوتە، تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگایە، دروست کردنی بێکاری بەرفراوانە، و نەمانی هەرجۆرە ڕۆتینێکی ژیانە .جەنگ لە زۆربەی کاتەکاندا سیمایەکی پیاوانەی هەیە، هەربۆیەش پیاو زۆرتر دەکوژرێن و ژنانێکی زۆر تەنها دەکەونەوە. هەرکام لەو دیاردانەی سەرەوە کە باسم کرد کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە. واتە بە شێوەیەکی گشتی سروشتی کۆمەڵگا لەبەریەک ترازانە لە هەموو بارەیەکەوە.

*** کۆمەڵگە لە دوای شەڕەوە چۆن دەتوانێت خۆی بگوازێتەوە بۆ قۆناغی بنیاتنانەوە؟**

- قۆناغی بنیاتنانەوە زۆر پرۆسەیەکی گرنگ و چارەنوس سازە بۆ کۆمەڵگای دوای جەنگ و بۆ بنیاتنانی بناغەیەکی تەندروست بۆ نەوەکانی دواتریش وە بۆ دروست بونی کۆمەڵگایەکی تەندروست بە شێوەیەکی گشتی.

میللەتێک کە شۆک ئەبێت لە ئەنجامی جەنگدا پێویستە ئەو خەڵکەی کە زەرەر و زیانی جەستەیی وە یان ڕەوانیان پێ گەیشتوە بە هەمو شێوەیەک چاودێری یان لێبکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کاریگەریە جەرگ بڕەکانی شەڕ نەجاتیان بێت. بەڵام لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وە کوردستان وەک نمونەیەک ئەم لایەنانەی ژیانی مرۆڤەکان بە هیچ جۆرێک بایەخی پێ نادرێت.

بە بڕوای من لایەنی بژێوی، کار، شوێنی ژیان، خوێندن، چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی کاری دەست بە جێ ی ئەو حکومەتەیە کە دەسەڵات دەگرێتە دە ست.

لە پرۆسەی بنیاتنانەوەدا خەڵک بە شێوەیەکی گشتی پێویستە ڕاو بۆچونیان وەربگیرێت . وە هەموو جۆرە پرۆسەیەکی بنیاتنانەوەی مۆدێرن کە پێداویستی دەست بەجێ ی مرۆڤەکان لە بەرچاو بگرێت دەبێت ئەولەویەتی کار بێت بۆ دەسەڵاتداران.

هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵک بە گشتی وە بنیات نانەوەی دروستی کۆمە ڵگاو دام و دەزگا مەدەنیەکانی هەر کۆمەڵگایاک بە دەرەجەی یەکەم پەیوەستە بەوەی چ جۆرە حکۆمەتێک دێتە سەرکار.

سروشتی واتە (ناوەرۆکی سیاسی ) حکومەت زۆر کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتن یان ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە دواکەوتویدا وە ڕێگرتن لە بنیات نانەوەی کۆمەڵگادا.

*** ڕۆڵی حکومەت لەم کاتەدا دەبێت چی بێت لەو گواستنەوەیەدا؟**

- بنیات نانەوەی کۆمەڵگاو نۆرماڵ کردنەوەی پەیوەستە بە هەنگاو هەڵگرتنی دەستبەجێ ی دەوڵەت بۆ گێڕانەوەی ئاسایش، ڕیفاه،یاسا، مەدەنیەت، خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و بەرەنگاربونەوەی دیاردەی توندوتیژی کە لە ئەنجامی جەنگەوە دروست بوە. حکومەت ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بنیاتنانەوەدا.

یەک موشکیلەی گەورە کە ڕێگرە لەبەردەم بنیاتنانەوەدا ئەوەیە کە دەوڵەت خەرجێک کە لە شەڕدا کراوە لە هاوڵاتیانی دەسێنێتەوە بە شێوازی جیاواز. هەروەها گەندەڵی دەسەڵاتدارانێک کە دێنە دەسەڵات و ڕفاندنی دەرامەتی کۆمەڵگا بۆ مەبەستی دەوڵەمەند کردنی خۆیان وچینەکەیان کە نوینەرایەتی دەکەن دەبێتە هۆی پشت گوێ خستنی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا و بێبەش کردنی ئەکسەریەتی خەڵک لەو داهاتە.

خستنەگەڕی داهاتی کۆمەڵگا لە پێناو دابین کردنی بژێوی، کار، شوێنی ژیان وە هێنانە دەرەوەی خەڵک لە فەقرو فەلاکەتێک کە بە هۆی جەنگەوە بەسەریاندا سەپێنراوە کارێکە کە دەوڵەت پێویست دەکات ڕەچاوی بکات. وە دابین کردنی پاراستنی دەست بەجێ بۆ هەموو هاوڵاتیان بە تایبەت ژنان لە توندوو تیژی یە.

*** ئەی ڕۆڵی تاک و ڕۆڵی ڕێکخراوە نا دەوڵەتیەکان چۆن دەبێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- بە ڕای من ڕۆڵی تاک و ڕێکخراوەکان بە هەموو شکڵ و شێوازەکانیانەوە پەیوەستە بە ڕۆڵی دەوڵەتەوە، بۆ نمونە ئەگەر ئەوانەی لە دەسەڵاتدان یاسا نەچەسپێنن کە مەدەنی بێت و خودی دام و دەزگاکانیان مەدەنی نەکەن و کۆمەڵێک موئەسەسات دانەمەزرێنن کە لایەنەکانی بنایاتنانەوەی بژێوی خەڵکی، کار، بیمەی بێکاری، و خوێندن، وچاودێری تەندروستی خۆڕایی و زۆرێک لە خزمەتگوزاریەکانی تر کە کۆمەڵگا لە بێ شیرازەیی بهێنێتە دەر ئەوا تاک و چەندین تاکی باشیش ناتوانێت رۆڵی بەرچاوی ببێت لە بنیاتنانەوەدا.

ئەکرێت ئێمە تاکی زۆر خۆش نیەت و ڕێکخراوی زۆر بەدەربەستمان هەبێت، بەڵام کە دەوڵەتێک نەبێت یەکسانی بێ قەیدو شەرتی ئینسانەکان و، مافە فەردی و مەدەنیەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو یەک لەبەرچاو بگرێت ئەوا کار و دەورو نەخشی تاکەکان زۆر بەرتەسک ئەکرێتەوە.

بە ڕای من دروست بونی ڕێکخراوی نا دەوڵەتی وە یان کۆمەڵگە ی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان نەتیجەی کەم و کوڕی دەوڵەتە لە سیستمێکی سەرمایەداریدا کە هەموو هەوڵی ئەو سیستمە زۆرتر پاراستنی سود و بەرژەوندی چینەکەی خۆیەتی تا ئەوەی ژیانی ئینسانەکان بە گشتی باش بکەن. هەروەکو مارکس ئەڵێت کە دەوڵەت "کۆمیتەی بەڕێوەبردنە" بۆ چینی سەرمایەدار. واتە ڕێکخستنی پەیوەندی ئابوری و سیاسی و زۆر لایەنی ترە بۆ چینەکەی خۆی.

زۆربەی کۆمەڵگا بە ژن و پیاوەوە دەسەڵات و دەور و نەخشیان لێ زەوت دەکرێت. بە مانایەکی تر ئینسانەکان بێ ئیرادە دەکرێن، ئێستا ئەبینین زۆر باس لە بەشدارکردنی ژنان دەکرێت لە پرۆسەی سیاسی دا و بەتایبەت لە وڵاتانی دوای جەنگدا. بەڵام لە ڕاستیدا بەشدار کردنی ژنان لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگادا لەلای ئێمە سیمبۆلیکە تا ئەوەی پراکتیک بێت. ئەو بەشداری پێکردنەی کە لای ئێمە بۆ ژنانی لە بەرچاو دەگرن زۆرتر لە تەحقیری ژن ئەچێت تا ئەوەی کە ڕاو بۆچونیان وەربگرن.




بە ڕای من دەخالەت دانی ژنان لە بنیات نانی کۆمەڵگادا بەوە نیە کە "چەند ژن" لە پۆستی باڵادا بن،ئەمە تێڕوانینێکە کە لیبڕال فێمینیستەکان هەیانە بۆدەورو نەخشی ژن.

لە لای من بەشداری پێکردنی ڕاستەقینەی ژنان لە سیاسەت و دەوڵەت و بڕیار دەرکردندا دەستەبەر ئەکرێت کاتێک کە ژن وەکو بەشەرێکی یەکسان لە هەموو بوارەکاندا بە بێ هیچ جۆرە جیاوازی و هەڵاواردنێک سەیری بکرێت.

ئازاد کردنی ژنان لە چەوسانەوەی ئابوری، کۆمەڵایەتی،و سیاسی وە بە ڕەسمی ناسینی مافی ژن وەکو تاک لە کۆمەڵگادا وە وەکو مرۆڤێکی یەکسان بە پیاو تەنها ڕێگای بەرەوپێش چون و بنیاتنانی کۆمەڵگایە. رۆڵی سیاسی ژن لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆرتر بۆتە "ژمارە" کە دەسەڵات داران وەکو ژمارەیەک ئاماژەی پێ دەکەن کە" ئێمە ئەوەندە ژنمان هەیە لە پەڕلەمان یان وەزارەت، وە یان هەندێک پۆستی باڵا".

بە بۆچونی من ئازادی و، یەکسانی وە کۆمەڵگایەکی ئینسانی ئەکرێت بهێنرێتە دی بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی ئینسانەکان بۆ ئایندەیەک وە دنیایەکی باشتر بۆ هەموان